KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-5-2007 0:47 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوای کوشتنی دوعا ژنانی کوردستان هەست بەنائارامی دەکەن ... ڕاپۆرت: ئاسۆ

دوای کوشتنی دوعا خەلیل و بڵاوبوونەوەی دیمەنی ڤیدیۆیی کوشتنەکەی، ژنانی کوردستان هەست بەدڵەڕاوکێ و نائارامیی دەروونی دەکەن و ترسیان لەئایندەی ژیانی خۆیانە و وابیردەکەنەوە لەهەر چرکەیەکدا دەکرێت توندوتیژیی بەرەو ڕوویان بێتەوە.



شنۆ ئەحمەد-فەرمانبەرێکی کۆمپانیایەکی بیناسازییە، بەبێهودەییەوە وتی: پیاوان کەی بیانەوێت ژنان دەکوژن و کەسیش نییە تا سزایان بدات نەیاسا نە حکومەت، لەبەرئەوەی کۆی دەسەڵات بەدەستی پیاوانەوەیە.

ژیان ئیسماعیل- خوێندکارێکی قۆناغی ناوەندییە لەئامادەیی سلێمانی کچان وتی: لەڕاستیدا لەپێش هەرشتێکدا پیاوان خۆیان دروستکەری کێشەکانن بۆ ژنان، خۆیان داوای خۆشەویستی لەکچان دەکەن هەر خۆشیان دەیانکوژن، من گومانم لەوە هەیە پیاوی ئەم وڵاتە ڕۆژێك لەرۆژان باوەڕیان بەمافی ژنان هەبێت.

سەناریا جەلال-خاوەنی دوو منداڵەو بە بەردەوامی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کێشەی هەیە وتی: دوای دوو منداڵ کە لەو پیاوە هەمە، ئێستاش مێردەکەم لێمدەدات و زۆرجار پێم دەڵێت یەك هەڵەی بچوکیشت لێببینم بە فیشەکێکی دەمانچەکەم یەکسەر دەتکوژم، خاوەنی باوك و چەند برایەکیشم زۆرجار مێردەکەم لەبەرچاوی ئەوان هەڕەشەم لێدەکات، بی ئەوەی هیچ کەسییان بچووکترین بەرگرییم لێبکەن، پیاوانی وڵاتەکەی ئێمە شانازیی بەوەوە دەکەن کە ژنان دەچەوسێنەوە.

دڵخۆش عەبدوڵلا- ماوەی چوار ساڵە ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە لەگەڵ پیاوێکدا کە فەرمانبەری حکومەتە وتی: لەرێگەی موبایلی مێردەکەمەوە ڕووداوی کوشتنی دوعام بینی، هەر لەگەڵ بینینیدا یەکسەر دەستمکرد بەگریان، بەڵام مێردەکەم بەلایەوە زۆر ئاسایی بوو، هەر گوێشی نەدەدا پێی، ئەوەی مێردەکەمی زۆر نیگەران دەکرد، ئەوەبوو کە ئەو کچە ویستوویەتی بێتە سەر ئاینی ئیسلام بەڵام ڕێگەیان پێنەداوە و کوشتویانە، دوای ئەوەش مێردەکەم دەڵێت ئەگەر ژن هەڵە بکات و بیەوی لەچوارچێوەی دابونەریت دەربچێت بی سیو دوو لێکردن دەبێت بکوژرێت، من ئێستا هەموو جار دیمەنی دوعا دێتە پێش چاوم، زۆر لەچارەنووسی خۆم دەترسم و دڵنیانیم، چونکە پیاوانی وڵاتەکەمان زۆر لەوەی کە بەرامبەر بەدوعا کردیان زیاتر و خراپتریان لەدەست دێت.

ئەسرین خالید-خوێندکاری کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی وتی: من لەگەڵ زۆرێك لەهاوڕێ کچ و کوڕەکانم دیمەنەکانی کوشتنی دوعای بی تاوانم بینیوە، بەڵام زۆربەی کچان و ژنان ئەو دیمەنەیان نەبینیوە، زۆربەی پیاوانی کورد لەگەڵ کوشتنی ژناندان بەبیانووی جۆراوجۆر و ناموسەوە، بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەو شێوازەدا نین کە دوعای پەپولەی پی کوژرا، من باسی خۆم دەکەم براکانم لەماڵەوە بەموبایل سەعات دوو سەعات قسە دەکەن و زۆر بەئاسایی لای دایك و باوکم باسی دەکەن و شانازیی دەکەن کە پەیوەندیی خۆشەویستییان هەیە لەگەڵ کچاندا، بەڵام من ئەگەر نامەیەك یان تەلەفونێکم بۆ بێت، دەبێت براکانم بزانن کێیەو بۆچی تەلەفۆنم بۆ دەکات چونکە پێیان قبوڵ نییە وەك هاوڕێیەکیش قسە لەگەڵ کوڕاندا قسەبکەم، شەوێك کوڕێکی هاوڕێم لەبەش و قۆناغەکەی خۆم بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کارێکی پێویست تەلەفۆنی بۆ کردم بەو هۆیەوە ئەو شەوە تا بەیانی لەماڵی ئێمەدا شەڕو دەمەبۆڵە بوو.

مهاباد لەتیف-مامۆستای سەرەتایی لە ئۆردوگای بازیان وتی: کوشتنی دوعا و بینینی دیمەنی کوشتنەکەی وریاکردنەوەیەکی باش بوو بۆ ئێمە، چونکە پێمانوابوو کۆمەڵگە بەرەو ئازادیی و پێشکەوتن ڕۆیشتووە، شەو ورۆژیش تەلەفزیۆنەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەوانە دەیانووت لەوڵاتی ئێمەدا ڕێز لەمافەکانی ژنان دەگیرێت و بارودۆخ زۆر گۆڕاوە، بەڵام کوشتنی دوعا بەو شێوە ناشیرین و دڕندانەیە دەریخست ئەو قسانە هیچیان ڕاست نین و هەر ڕووکەشن، دەرکەوت کەپیاوی کورد یەك زەڕە باوەڕیان بەمافەکانی ژنان نییە، دواتریش کەس لەبکوژانی ژنان ناپرسێتەوە، ئەگینا کوان بکوژانی دوعا بۆچی دەستگیرنەکراون؟

ئەگەر منیش بکوژرێم هەروەك دوعا وایە چونکە لەدوای ڕاپەڕینەوە زیاتر لەبیست هەزار دوعا کوژراون و کەس نەبووە لەیەك بکوژ بپرسێتەوە، چونکە ڕۆژ نییە ژنێك یان دوان و سیان لەتاو ستەمی برایان باوك و هاوسەر خۆی نەسوتێنی، ڕۆژ نییە ژنێك نەکوژرێت، ڕۆژ نییە هەزاران ژن لەم وڵاتەدا لێدان نەخۆن، ڕۆژ نییە سەدان کچی ئەم کورستانە لەلایەن پیاوانەوە ئیهانەیان پێنەکرێت، من وا هەست دەکەم مافی ئاژەڵ باشتر دەپارێزرێت وەك لەمافی ژنان، بەکورتی کوشتنی دوعا سوکایەتی بوو بەهەموو ژنانی کوردستان و پیاوان لەڕێگای کوشتنی دوعاوە بەئێمەیان وت ئەوە سزای ئەو ژنەیە کە لەبڕیاری پیاو دەربچێت.

ساڤان نەورۆز-خوێندکاری زانکۆی سلێمانی وتی: من وەك کەسێکی چالاك و هەڵسوڕاو لەبوارەکەدا دان دەنێم بەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان لەو ڕووەوە کەمتەرخەم بوون کە بچنە ناوچە تازە ئازادکراوەکانەوە و لەوی خول بکەنەوە بەڵکو بەداخەوە تەنیا لەهۆڵە داخراوەکان و هۆتێلەکان قەتیس بوون و نەپرژاونەتە سەر کارکردن لەو شوێنانە.

من وەك کچێك چیتر هەست بەئەمنیەت ناکەم و وایدادەنێم کە ڕێکخراوەکانی ژنان هیچییان نەکردووە، ئەگەر شتیان بکردایە نەدەبوو دوعا بکوژرێت بەو جۆرە ناشیرینە بەڵکو نەدەبوو ڕۆژانە دوعاکان لەوڵاتە بەناو دیموکراتەکەمدا ڕەجم بکرێن.

شیلان عەلی-پارێزەر لەدادگای سلێمانی وتی: ئەم ڕوداوەی دوعا جگە لەوەی ئەو نیمچە دڵنیاییەی لای ژنانی کورد هەبوو لایبردو ڕەواندییەوە، بەڵام ئەم ڕووداوە پێمان دەڵێت دەبێت قانوون بەهێز بکەین و بەپیاسا ماف و ئازادییەکانی ژنان بپارێزین و هەر بەپیاسا ئەو کەسانە سزا بدەین کە هەڵدەسان بەکوشتنی ژنان لەژێر هەر ناوو ناونیشانێکدا بێت، ئەم ڕووداوە نابێت فەرامۆش بکرێت بەتایبەتی لەو بوارەوە کە کاتی ئەوە هاتووە قانوون وەك پاڵپشتێکی گەورە و بەهێز بۆ ژنان دابڕێژین و نەهێڵین جارێکی تر ڕووداوێکی وەك ئەوەی دوعا دووبارە بێتەوە. *بەشێوەیەکی گشتی ژنانی کوردستان لەدوای کوشتنی دوعاوە هەست بەنائارامی دەکەن و متمانەیان بەپیاوی کورد نەماوە هەرچەندە ئەو پیاوە زۆر دیعایەی ئازادیی ژن بکات.

لەدواجاریشدا زۆربەی ژنان پێیانوایە کاری ڕێکخراوەکانی ژنان کاری لاوەکییەو مەبەست لێی بەرژەوەندیی تاکە کەسییە ئەگەر نا غەمێکی قووڵی ژنانە لەپشتییەوە نییە و نەبووە، لەهەمان کاتدا بەشێکی زۆری ژنان ڕەشبینن لەوەی کە ڕێکخراوەکانی ژنان بتوانن لەماوەیەکی دوور یان نزیکدا لەهەڕەشەی چەوساندنەوە ڕزگار بکەن بەڵکو هەندی وتیان هەر لە بنەماوە بەشێك لەهەڵسوڕاوانی ڕێکخراوەکان خۆیان ئازادن نین ئیتر چۆن دەتوانن خەڵکی تر ئازاد بکەن؟!.

Lawa_0@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.